www.kurdistannet.org
21-8-02 22:27:22

# سێبینە

حەمەی ئەحمەد ڕەسول / هۆڵەند

1 . چرپەی هۆنراوە

بلێسەی شیعری بە چرپە ووتی :
لە دەم کەناری شاری کووشتارا ،
بۆنی کزەبای شەوی خوێناوی .
لە گەرمەسێری ئەشک و پرسە دا ،
گوڵاڵەی خەونی هۆنراوە شئەمرێ

2 . ئەوین

داستانی ئەشق بە گوێی شیعرا ئەچرپێنێ ؛
لە پێناوی لە بیرچوونەوەی زەمەنا ،
دوو خۆشەویست سوێندیان خوارد
. . . . . . تا هەتایە ببنە درەختێ
قاچەکانیان ، ڕۆچێ بە ڕیشەی زەمینا
دەستەکانیان ، بێ بە پەلک وقەدی سۆزێ
بۆ وێردی ژووان ؛
چی باڵندەی دونیا هەیە
هێلانەی حەز جێنەهێڵن . . . ببنە میوان
لەو سوێندەوە . . هەتا ئەمڕۆ
نە ڕەهێڵە ، نە تەوری دەستی ڕەشەبا
نەیانتوانی
ڕۆحی ئا ئەو دوو ئاشقە لە یەکتر کا . . 11

3 . باخچەیێ لە دۆزەخ

ژیانی ئەو هەوارەی
کەوتۆتە بەر ناڵەی باروود و
نەعرەتەی شەڕ و گەرمەی جەنگەوە ،
سەیرانگای نێو دوورگەی زەبوونە

لێرەواری خۆکووشتن و
دەشتی کاکی بە کاکی وسەرابی مردنە . . . ! !

***

تەمەنی کلۆڵ ؛ لەو هەوارە نەگریسەدا
نەمامێکە و لەجیاتی چرۆ و گەڵا ،
درک و دەرزی بەرهەمدێنێ . . ! !
لەو هەوارەدا ؛ نەوەی نوێ ؛
لاوێکە و فێرکراوە ئاشوبی
بە وانەکانی کوشتن و سەربڕینی
نزیکترین دۆست و ئازیزترین برای . .
ئەلبوومەکەی تایبەتە بە وێنە گەلی چەک و تفاقی شەڕ
لە جیاتی گوڵە بەرۆژە و دەنکە کوولەکە ،
مشتە گوللە و هەناری ئاسنین لە باخەڵیا خڕەیاندێ . . ! !
لە جیاتی کەپری ئایندە ، و ماڵی ئاسوودە
بە دەستی تارمایی دوژمنەکەی
سەنگەری بۆ مەرگی خۆی وولاتەکەی
بە سەر شان و ملی مێژوودا دادەکووتێ . . . ! !
لەو هەوارەدا ؛ نەوەی کۆن و دێرین ؛
پیرەژنە ڕەشپۆشە سەرچەرمووەکان
لە خەڵوەت و زیکری بێهوودەدا
نوێژی بۆ سەرکەوتن و نوێژی بۆ ؛
ژیانی هەتایی ئەودیوی بەهەشت دادەبەستن . . ! !
بەختەوەری و خۆشنوودی لەو زێدە دا ؛
باخچەیێکە لە دۆزەخ ،
بۆنی گوڵەکانی لە نێو ماڵی باخەوانەوە دێنە دەرێ
باخەوانیش ، تارمایی ڕۆحێکە لە ئەهریمەن ! !
ماڵی حەسانەوە و پشوو لەو هەوارەدا ؛
ئەشکەوتی کڕبوون و ماتبوونە . .
ژوورێکە و بێ دیوار و پەنجەرە و دەرگا . .
بە تەنها هۆنراوەی ناسۆری و
غوربەتی تیا لە دایک ئەبێ
دەریاچەی ئەشک و نوغرۆبوونە ؛
تیایا – ماسی –ی هیوا ،
باڵندەی حەز و ئەوین ،

کۆتری ئاسوودەیی و ئاشتی .
چۆلەکەی ئاییز و بیر و بڕوا . .
شەلاڵی نێو خەم و حەسرەت و
دەرد و ئازار و سەمای سووتانن .
هۆگری دەم نوو شووستین .
فێرە قڕ کردن و بنبڕ کردنی یەکدین . . . . !
ماڵ و ئەویز و هیوا و ژیانی ئەو نیشتمانە ،
سەراپا باخچەیەکە لە دۆزەخ ، لە خوڵەمێشڕو
باروود و خوێنی رەش و رۆحی سووتمانە . . . . ! !

-ئیسپانیا // 19-ی ئەیلوولی 1994

بۆ رۆژنامە و گۆڤارێکی چاک کە خۆتان بە دڵتان بێ
بەڵام کەمتەرخەمی مەکەن و پشتگوێی مەخەن . . . تکایەو تکایە



www.kurdistannet.org